مردنێکی لەبیرکراو . فەهد گردەوانی

شەکیب عەقراوی سەندوقە داخراوەکەی پاراستن



یەکێک لە کەسایەتیە گرنگەکەی پاراستن پاش مەسعود بارزانی ، کۆچکردوو شەکیب عەقراوی بوو لەسەرەتای دروست بوونی ئەو دەسگایە هەتا  ساڵی 1975 و ئاشبەتاڵی شوڕشی ئەیلوول دەوری گرنگی بینی لەو دەسگایە و بە دڵسۆزی خۆی کارەکانی جێ بەجێ دەکرد .



دەزگای پاراست دەبێت کەسانی لێوەشاوە و باوەڕپێکراوی ماڵی مەلامستافای بارزانی بێت ، ئەگەرنا ئەو ئەرکەی پێناسپێردرێت . دیارە دڵسۆز و باوەڕپێکراوی ئەوانیش ئەو شەکیب عەقراوی یە بووە کە باسی لێوەدەکەن .

لە خێزانێکی دیاری شارۆچکەی ئاکرێ ساڵی 1938 لە دایک بووە .

لە 23 ئۆکتۆبەری 2017 گوایە بە نەشتەرگەری کۆچی دوایی کردووە . لە ئەمریکای هێندە پێشکەوتوو لە بواری پزیشکی کەچی گیانی رزگارنەکراوە و مردووە . لە شەستەکان لە بەغدا بەشی یاسای تەواو کردووە . لە ساڵی 1970 لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی .




ساڵی 1974  کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی داوای خوازبێنی لە شەهید

صالح یوسفی دەکا کە نارین کچی بداتە شەکیب عەقراوی ، دیارە سەیدا صالح داواکەی مەلامستەفا بە دایکی نارین دەڵێ ئەویش حەزی نەکردووە ئەو خوازبێنە سەربگرێت لەبەر دەور و شوێنی شەکیب عەقراوی ، پاشان بەدەستخەتی خۆی مەلامستەفا نامە دەنیرێ و داوادەکات ڕازی بن بەو خوازبێنیە چونکە شەکیب وەکو یەکێکە لە کوڕەکانی ، بۆیە لە ئاداری 1974 لەگەڵ کچی شەهید صالح یوسفی کە ناوی [نارین]ە هاوسەرگەری دەکات . دوو منداڵیان پێکەوە هەیە بە ناوی {سەعید و میدیا} .

ماوەیەک کە لە ئێران رایکرد لە سوریا ژیا پاشان چووە میسر و لەوێش دەستبەسەرکرا ، لە رێگای


صورة للمؤلف في ١٩٧٣/٣/٣٠

پارێزەر نەجیب بابان لە میسرەوە سەفەری کرد بۆ ئەمریکا . دوا سەفەری بۆ کوردستان ئایاری 2017 بوو . واتە پینج مانگ بەر لە کۆچی ئەبەدی . گەلۆ مانگی ئایار لە کوردستان کێ بینیووە و نان و چای لای کێ خواردووە هەمووی دەکەویتە ژێر پرسیار ، بە تایبەت ئەو ماوەیە نەخۆش نەبوو. ئەوانەی لە نزیکەوە بینیوویانە یان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووە دەتوانن وەڵامی گەلێک پرسیار بدەنەوە .

دروست بوونی پاراستن :




لە کتیب و رۆژنامەکان دەربارەی ئەو دەسگایە نووسراوە ، ئێمە هەر بۆ زانیاری جارەکی تر لێرەوە دەربارەی دەنووسین . یەکێک لەو ناوانەی لە دروستبوونی ئەو دەسگایە باسدەکرێت و دەنووسرێت کۆچکردوو شەکیب عەقراوی یە . دیارە لەو کەسانەشم زۆرجار ناوی بیستووە کە باسی پاراستنیان بۆ دەکردم . ئەو دەسگایە بە یارمەتی موسادی ئیسرائیلی و ساڤاکی ئێرانی دروست کراوە . هەندێک دەڵێن ساڵی 1965 و هەندێکی تر دەڵێن سەرەتای 1966 دروستکراوە . سەرەتا ناوی مەسعود بارزانی و شەکیب عەقراوی و فەرەنسۆ حەریری و کەریم شەنگاڵی و ئازاد محەمەد نەجیب بەرواری و محەمەد هەرسین و عەزیز عەقراوی دێت کە لەو دەسگایە بوون . یەکەم جاریش بۆ زانیاری وەرگرتن و سوود بینین لە مۆساد سەفەری ئیسرائیلیان کرد شەکیب عەقراوی و محەمەد هەرسینی و عەزیز عەقراوی بوون . هەرسێکیان لە ژیان نەماوون . ئەو محەمەد هەرسینە ساڵی 1979 بەدەستی خویان کوژراوە بۆ ئەوەی نهینیەکانیان ئاشکرانەکات دیارە دەیانزانی لەملاو لەولا قسەی دەربارەی یان دەکرد . شەکیب عەقراوی پەیوەندی ئیسرائیل و ئێران و بارزانی بوو ، شوینی خۆی لای ساڤاک و مۆساد کردبۆوە ، بۆیە کاتێک شۆرش تێکچوو لە ئێران نەیتوانی وەکو ئەوانەی تر بژیت و ناچار خۆی لەدەستی ساڤاک رزگارکرد .

لە بیرکراو




ئەو کاتەی دەبوایە لە بەرەی مەسعود بارزانی بێت و ببێتە دەستە ڕاستی ، خۆی لە ئەمریکا شاردەوە و نزیکی ماڵی بارزانی نەکەوتەوە ئەو نهێنیە لەو کتێبە باس نەکراوە گەلۆ لەساڵی 1975 هەتا ساڵی 1992 چ کارێکی کردووە و لەگەڵ کێ کاری کردووە . هەروەها لە کتێب و نووسینەکانی کۆچکردوو شەکیب عەقرای بۆی باسنەکردووین بۆ ئیتر بای بای لە شۆڕش و لە کوردایەتی و لە ماڵی بارزانی کردووە . بەگوێرەی قسەی کەسوکاری داوای لێکراوە جارەکی تر حزبایەتی بکات و دەوری خۆی ببینی بەڵام خۆی رازی نەبووە و دەستی لە حزبایەتی هەڵگرتووە . لە گەلێک سەرچاوەی نادروست کە باسی پاراستن دەکرێت و ناوی شەکیب عەقرای هاتووە بە هەڵە نووسراوە لە ئەمریکا ژەهرخواردکراوە یان لە ماڵەکەی کوژراوە مێژووەکەش دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی 2000 و 2006 کە بەداخەوە مێژووەکە بە هەڵە نووسراوە . سەرچاوەکانیش ئەو نووسینانەن کە بە نادروستی و نازانستی باسی لێوەکراوە .

نووسینی کتێبێک دەربارەی مەسەلەی کورد بووە سەرەتای دەستپێکردنەوەی چالاکی کۆچکردوو شەکیب عەقراوی .


صورة للمؤلف في عام ١٩٧٠

لە شاری هەولێر لە چاپخانەی منارە ساڵی 2007 کتابی [سنوات المحنە فی کردستان] چاپکردووە و 525 لاپەرەیە . بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزای ڕووداوەکان نەبن زانیاری چاکی تێدایە دەربارەی ڕووداوەکان و مێژووەکان کە بەخۆی لە نزیکەوە ئاگاداربووە لەبەر ئەوەی لە دەسگایەکی تایبەتی نزیک بارزانی کاری کردووە ، دەربارەی بارە سیاسی یەکەی کە کوردستان پیدا ڕۆیشتووە بە شێوەیەکی سەرەتایی خۆی لێبردووە و باسی کردووە هیندە بە ڕەخنەگرانە لە سەرکردایەتیکە نزیک نەبۆتەوە ، دیارە ئەوەش هەر بۆیە خۆی لە نزیکی ئەو بنەماڵەیە داناوە و مەسعود بارزانی بە سەرۆکی بزووتنەوە دادەنێت و وێنەی مەلا مستەفاشی لە لاپەرەی یەکەمی کتابەکەی داناوە . من کتێبەکەم لە هەولێر ساڵی 2008 بە دەست کەوت و کتابەکەم لەگەرخۆم هیناوە سوید بەڵام دەیانگووت ماڵی بارزانی ئەو کتابەشیان لە بازار کۆکردیتەوە ، دیارە حەزیان نەکردووە بڵاوببیتەوە . بەکەم و زۆر خۆی لە دەسگای پاراستن و کارەکانی نەداوە ئەوەش ڕەنگە بۆ ئەوەی بیت خۆی زیاتر ناشرین نەکات لەلایەن پارتی و ماڵی بارزانی . ئەگەر دەسگای پاراستن ساڵی 1965 دروست بێت و ساڵی 1975 یش ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلول بێت ئەوا دەکرا نهینیەکانی 30 ساڵە بنووسرێتەوە و باسی لێوەبکرێت . ئەو کتابەی 32 ساڵ دوای ئاشبەتالەکە یە و 42 ساڵیش پاش دروست بوونی دەسگای

پاراستنه . کاک شەکیب بۆخۆی پارێزەر بووە و دەزانی لە ئەمریکاش هیندەک نهێنی پاش 30 ساڵ تەمەن نهێنی خۆی لەدەست دەدا بۆ خۆی لەوباسانە دزیتەوە ئەوە بەداخەوە نەکرا لە ڕۆژنامەکان پرسیارەکی ئاوای لێبکرێت و بەدەمی خۆی و بە نووسینی خۆی ڕوونکردنەوە بدات .

دیارە نووسینی بابەتی ئاوا پێویستی بە سەرچاوەی گەلێک گرنگتر هەیە بۆیە ئەوەش لێدەگەڕێم بۆ ئەو دەرفەتە. تەمەنی درێژ بۆ هاوسەرەکەی و هەردوو منداڵەکەی .

فەهد گردەوانی 2018/6/3ستۆکهۆڵم